رەخنەی ئەدەبی

# هەڵسەنگاندنی شەش چیرۆکی ژمارەی تایبەتی

کمال غەمبار

وتەیەکی پێویست:

پێسپاردنی چەند چیرۆکێک بە هەندێ نووسەر بە نیازی هەڵسەنگاندن ونرخاندنیان ، کارێکە بمانەوێ و نەمانەوێ، واقیعێك دەسەلمێنێ کە دەمێکە مشت و مڕی لەسەر دەکرێ و، ئائیستا بەردەوامەو ڕای هەمەچەشنەی لەمەر دەردەبڕێ، ئەویش ئەوەیە : ئایا ئێمەی کورد ڕەخنەو ڕەخنەگرمان هەنە؟ زۆربەی زۆری ڕایەکان لەسەر ئەوە ڕێك دەکەون کە ئێمە نە ڕەخنەمان هەیەو نە ڕەخنەگر. ئەگەر مەسەلەکە ئاوا بەو وەڵامە بێ بەڵگەیە بچێتە سەر، بۆمان هەیە کە کە بپرسین ئەی لە پای چی هەر ئەو کەسانە خۆیان دەنگ هەڵدەبڕن و کۆمەڵێك گلەیی دەکەن کە گوایە بەرهەمێ بڵاودەبێتەوە، بۆ یەکێ بە چاك بێ یا بە خراپ شتێکی لەسەر نانووسێ؟ بەڵام کە دەستەی نووسەرانی گۆڤارێك ڕوو لە چەند نووسەرێ دەنێ کە چەند چیرۆکێك تاو و تۆ بکەن و هەڵیان سەنگێنن، ئەم هەنگاوە خۆی لە خۆیدا، دان نانێکی ئاشکراو ڕوونە بە بوونی ڕەخنەو ڕەخنەگرو دەوریان لە بورای ئەدەبدا.

هەر ڕەخنەگرەش بە پێی تواناو چێژ و ڕوانینی خۆیەوە کارەکە هەیسەر دەکات و، خوێنەری خۆشەویستیش خۆی لەم ڕووەوە سەرپشکە لە ڕالێ بوونی ڕەخنەکە یا ڕەتکردنەوەی. دەبێ ئەوەش لەبەرچاوی خۆمان دابنێین کە ئەرکی ڕەخنەگر لە ئەرکی خاوەن بەرهەم گرانترە.. خۆ ئەگەر بیەوێ بە چاوێکی مەزووعیانە بابەتەکە هەڵسەنگێنێ و، بە ویژدانێکی پاك و بێگەردی دوو لە ڕووپامالی و ماستاو کردن تایبەتی خۆی دەربڕێ، ئەوە هیچ دوور نیە تووشی نارەحەتی سەریەشەش بێ، چونکە کەم کەس لە ئێمە ئەوەندە سینگی فراوان و پشووی درێژە کە ڕەخنەکە بە شتێکی سروشتی و ئاسایی سەیرکات و نەیخاتە قالبێکی ترەوە (کەسیش بە دۆی خۆی نالێ ترشە)..

هەرچۆنێك بێ وا من لەلای خۆمەوە، بە پێی بۆچوون و ئاستی بیرکردنەوەو تێگەیشتنم لە چیرۆکم بەدەنگ برایانی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری «بەیان»ەوە دێم و بەرامبەر ئەو شەش چیرۆکەی پێیان سپاردووم ڕای خۆم دەردەبڕم و، لەپێشەوە پێ لە ڕاستییەك دەنێم کە نامەوێ لە خوێنەری ئازیزی بشارمەوە ئەویش ئەوەیە: کە ڕەخنەگر کۆمەڵێك چیرۆکی پێ دەسپێردرێ، لەناو چیرۆکەکاندا چیرۆکێك لەوانی‌تر زیاتر بکێشی دەکات و لەوانی دی زیاتر دەیورووژێنێ و بزەی خۆشی دەخاتە سەر لێوو بەرلەوەی قەڵەمەکەی وشەیەك بنووسێ لە ناخەوە دەنگێکی دڵسۆزانە گوزارشت لە سەرسام بوونی بەرامبەر چیرۆکەکە دەکات و، پێی دەڵێ: هەی ئافەرین. کاکی چیرۆکنووس خامە ڕەنگینەکەت هەر خۆش بێ و ئێمەی کورد داهێنانی ئاوامان گەرەکە.. وەك ئەو چیرۆکە زیاتر لەوانی‌تر کار لەڕەخنەگر دەکات، ئەویش بەرامبەر ئەم کارتێکردنە لەوانی‌تر زیاتر بایەخ بەو دەدات و ڕووناکی دەخاتە سەر لایەنەکانی و، تواناو تێگەیشتنی و پەی پێبردنێکی هەبێ، زۆربەی زۆری بۆ ئەو تەرخان دەکات.

## خۆرکەوتن

لەم روانگـەیـەوە چیروٚکی «خۆرکـەوتن»ی محمد فەریق حەسـەن. سەرقافڵەی چیروٚکەکانەو لە هەموویان زیاتر گرەوی هونەری خۆی بردوٚتەوە..

بەر لەوەی بەنـاخی چیروٚکـەکـەدا شۆر ببمـەوە و بە پێی رەخنـەیەکی پراکتیکیانە لە چیروٚکەکە بدوێم حەز دەکەم رای (٩) ساڵ لەمەوبەری خۆم بەرامبەر چیروٚکنووس و ئاسۆی بەرەوپێشەوە چوونی دەربڕم وەك بۆچوونی ئەو کاتەو پێشبینی کردنم... دەربارەی کۆمەڵە چیروٚکی «رستێك زەنگیانەی ئاوی» لە لاپەرەی «ثقافة كردية»ی رۆژنامەی «العراق»ی ژمارە «١١٧١»ی ٣/١/١٩٨٠ نووسیومەو تەنیا چەند برگەیەکی دەخەمە بەرچاوی خوێنەر لە چیروٚکی «خاوبوونەوەی هەنگاوەکان»دا وتوومە: ئەم چیروٚکە بەلای منەوە، بایەخێکی تایبەتی هەیە، چیروٚکنووس دەگەیێنێتە پایەکی بەرزو وای لێ دەکات کە رۆژێ لە رۆژان لە جیهانی چیروٚکی کوردیدا، لە رێگەی هونەر کاریی ئەو جۆرە نموونانەی «واتە نموونەی کەسانی چیروٚکەکان» کە هەمەلایەنەکەیان لە تایبەتمەندییەتی خۆماڵییەوە هەڵقوڵاوە.. پایەکی گەورە بۆ خۆی برەخسێنێ، هەروەکو چیخوف دەڵێ: «ئەدەبێ لە دایك نابێ کە خاسیەتی جیهانی هەبێ، ئەگەر ئەو ئەدەبە لەپێشەوە ئەدەبێکی خۆماڵی مەزن نەبێ».

بەراستی نووسـەر جەوی تایبـەتی بە هەمـوو رووەکـانییەوە هەڵـدە هێنجێ، رەنگە و روخسارێکی تایبەتی بە چیروٚکەکانی دەبەخشێ، بڕوام بەهێزە بەم نووسەرە کە بە هەول و تەقەلا رەسەنە بەردەوامەکانی چیروٚکی کوردی دەخاتە بەر دەرگای سەرەتایەکی نوێ کە شیاوی ئەوەیە لە ئاستیا بوەستین و بیری لێ بکەینەوە.. زمانێکی ناسکی شیعر ئامێزی پڕ لە وێنەی بە جۆشی هەیە، کە خوێنـەر بکێش دەکـات و خەیـاڵی دەبزوێنێ، دیوی ناوەی دەوروژێنێ و وای لێ دەکـات کە بێتـە لایـەك لە لایـەکـانی ئەو هاوکێشەیەی کە چیروٚکنووس دەیخاتە بەردەم لە رێگەی ئەو خاسیەتانەی وێنـەکـانیـان دەکێشێ.. خوێنـەر وا هەست دەکـات کە بەرووداوو شەخسیـەتـەکـانەوە بەستراوەتـەوەو حەز دەکـات لە رەوت و دیـارکـردنی چارەنووسیان بەشدار بێ.. ئەگەر چیروٚکنووس لە سەر نووسینی چیروٚکی وەك ئاستی چیروٚکی «خاوبوونەوەی هەنگاوەکان» بەردەوام بێ کە هێزو پێزی تەکنیك و روونکردنەوەی ئایدیای تیایە.

ئەوە ئەو شەخسیـەتـانـەی وێنـەی کێشـاون دیـوێکی‌تر وەردەگرن و، شەخسیـەتـەکـان دەبنە شەخسیاتی نەمرو، بازنـەی کات و شوێن، وەك شەخسیاتی نموونـەیی لە چیرۆك و رۆمانی جیهانیدا، دەبڕن. ئەوەی کە هیوای بۆ دەخوازم پەرەسەندنی تواناو دەسەڵاتی چیروٚکنووسە، کە دوور نیە لە دوارۆژدا خواست و ئاواتەکمان بێنێتە دی».

با بگەرێینەوە سەر چیروٚکی (خۆرکەوتن).. هەروەکو لە پێشەوە وتم ئەگەر بمانەوێ بە پێی رێبازێکی پراکتیکی لەم چیروٚکە بکۆڵینەوە. دەبێ بە وردی دەستنیشانی هەموو رەگەزە گرنگەکانی بکەین، بۆ ئەوەی رای تایبەتی خۆمـان بەرامبـەر چۆنیـەتی چیروٚکـەکـە دەربڕین و بزانین تا چ رادەیێ چیروٚکنووس سەرکەوتنی وەدی هێناوە.

## بیری چیروٚکەکە

بالە فیکری چیروٚکەکەوە دەست پێ بکەین، کە بناغەو بنچینەی بنیاتنانی چیروٚکـە... چیـروٚکنـووس لە روانگەیەکی ئایدیۆلۆژی نەتەوەخوازییەوە بیـرەکـەی دادەرێـژێ و، قولاێکی مرۆڤخوازی پێ دەبـەخشێ، کە بازنـەی مەسەلەی ژیان و مل ملانێ فراوانتر دەکات، بە جۆرێ کە خوێنەر هەر لە سەرەتاوە دەست بە خوێندنەوەی دەکات، هەست بە چەشنە پەیوەندییەکی نەبچراو لە دارشتنی بیری چیروٚکەکە دەکات، کە چیروٚکنووس توانیویەتی یەکێتی بابـەتـەکـە بپـارێـزێ و بە شێوەیەکی هونەرمەندانە دەرگا بۆ خوێنەر بکـاتـەوە تا بچێتـە ناو جیهـانێکی تایبـەتی، جیهانی چۆنیەتی گولێژێرکردنی پارچەکانی بابەتەکەو نمایشکردنێکی قەشەنگە و وروژێن، کە لە ناویاندا نموونەیەکی زیندووی وەك «جوامێر»ی خاوەن هەڵوێـست و پاڵەوانی تەوەری بچینەیی رووداوەکانی دەجووڵێنێ و دەیخاتە بەردەم دۆخێکی دینامیکی پڕ لە گرژی و پشێوی درامی.. چیـروٚکنـووس وەك خۆی ئامـاژەی بۆ کردووە لە فۆلـکـلۆری کوردی وەرگـرتـووە، کت وەمت بە شێـوە سـاکـارەکـەی نەگـواستـوٚتـەوە، ئەو وەك کەرەستـەیـەکی خاوی وەرگـرتـووە، بەڵام لە دارشتنـەوەیدا لە دیـاردەکـانی ژیـانی رووتـاندوٚتەوە و بە هەست و نەست و تێـرامـان و بیـرکـردنـەوەیـەکی قووڵ جارێکی تر دروستی کردوٚتـەوە، خستوێەتییە قالبێکی هونـەرکـاریی تیـرو تەسـەل «جوامێـر»ی پاڵەوانی چیـروٚکـەکـە وەك شەخسیـەتێکی لەنـاو جەرگـەی ژیـانی سەردەمی «شێخ مەحمـوودی نەمـری هەڵێنجـاوەو، خستوێـەتییە بوتـەیەکی هونەرکاریی زیرەکـانـە، کە بە کۆمەڵێك پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و رامیاری و سایکۆلۆژی بەستوٚتـەوەو، رووناکی خستوٚتە سەر هەڵوێستەکانی و باری دەروونی و، رەوشت و خوو میزاجی «جوامێر»ی تیادا دەرخستوون، بە شێوازێ خوێنەر بەرەو واقیعـەکـەی جوامێـر بکێش دەکـات کە بە هەمـوو هەست و سۆزو خەیاڵ و بیروباوەرێکەوە لەگەڵیادا بژی و بەشداری هەڵوێستەکانی بکات.

کەواتە محمد فەریق حەسـەن لە نیگای تێڕوانین و ئایدیای خۆی بەرامبەر رەوتی ژیان و تاقیکردنەوەو هەڵس و کەوت چیروٚکەکەی دارشتووە بە پێی بەرنامەیەکی تایبەتی لە رووداو و چۆنیەتی سەرهەڵدان و نەش ونماکردنی بیری کردوٚتەوەو، لەم رووەوە مەرجی هونەری رەچاو کردوە... یەکێتیی مەزووعیش لە سەرکـەوتنی هەر بیرێکی چیرۆك مەرجێکی سەرەکییەو، سەرکەوتن و نوشستی لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێ.

## رووداوەکانی چیرۆکەکە

مەسەلەی رووداوی چیرۆکەکە، لە جوامێرەوە دەست پێ دەکات هەر کە لە ماڵـەوە دەردەچێ تا دەگـاتـە ناو ئۆردوگـای ئینگلیزەکـان و لەوێ چی بەسـەردێ‌و کۆتـایی‌یـەکـەی چی لێ دێ. . شتێکی ئاشکراشـە کە هەر ،رووداوێـک سەرهـەڵدەداو تەش وئـوماددەکـات، دەبێ بە پێی سیستەم و پاسایەکی دیارکراوبێ. . . هێزو پێزی رووداوەکە لە چۆنیەتی بەستەوەبەتی بە پاڵەوانی چیرۆك و کەسانی‌تر. . . پەیوەندی‌یەکی توندو تۆڵی نەپچراو کە گوزارشت لە کەسانی چیرۆك بکات، بەجۆرێ یەکێتی‌ی هونەرکاری خۆی پـارێـزێ‌و بەڵگـەو نیشـانـەش بەدەستـەوە بدات، کە رەنگدانەوەو ئەنجامی رووداوەکـەن. . . واتـە چنیـن یا خود تەونـی رووداوەکـە کە لە چەنـد رووداوێکی بچووك و پارچە پارچەی لێك دابڕاو پێکهاتووە، چیرۆکنووس بە شێوەیەکی هونەرکاری بە یەکیان دەبەستێتەوەو ئاوێتەیەکەی لێك گرێ دەدا . . "

ئەگـەر سرنجێکی ورد لە ڕووداوەکـە بدەین کە چیـرۆکنـووس جوامێری خستۆتـە ناو بازنـەکـەیـەوە، دەبینین لە چەنـد ڕووداوێکی بچووك بچووك پێکهـاتـووە، بەڵام بە شێـوەیـەکی هونـەرکـاری بەیەکـەوە بەستراون و تێك هەڵکێشراون، هەمووشیان رەنگدانەوەی مۆرك و واقیعن و، لە جەرگەی ژیا نی ئەو سەردەمەی چیرۆکەکە هەڵهێنجراون بەڵام بەشێوەیەکی داڕێژراو لە قاڵبێکی زمـانـەوانی پڕ لە بەڵگـەو نیشـانـەی زیندەگی‌ی دەروونی خۆیـان دەنوێنن ، کە نووسـەربـە مەبـەستێکی سایکـۆلۆژی بۆمان دەگێڕێتەوە ،ئەم جۆرە گێڕانەوەیە ، کە گێڕانەوەیەکی هونەرکاری‌یە ، یارمەتی دینامیکی‌یەتیی هەڵـوێستی جوامێـر دەداو ڕێگـەی بۆ خۆش دەکـات . . . رووداوەکانی ئاو چیرۆکەکە یەیتا یەیتا دەگۆڕێن و ، دەبنە هۆی سەرهەڵدانی رووداوی دیکەو ، بارێـکی تێـك ئاڵاو پەشێـو بە خۆوە دەگـرن و بەرەو گرێ کردنـەوەی رووداوەکە دەچن و کۆتایی پێ دێنن .

سەرەتـای چنینـەکە یاخـود تەونـەکـە «حبکە» لە کارێکی ئاسایی یەوە دەست پێ دەکات ، کە شێخ مەحموود جوامێر دەنێری بۆ سلێمانی بۆلای حمدی صاحبقران ، وەك قاسیـدێـك ، ئەرکـەکـەی دیـارنیە بۆ شیعرە ، یاخود بۆ مەبـەستێکی ترە ، ئەم لایـەنـە زۆر گرنـگ نیـە ، بەقەد ئەوەی لە چۆنیەتی بەرێ‌کەوتنی جوامێرەوە دەست پێ دەکات :

«جوامێر کەوتۆتە پێش ماینە کوێت . شل شل جڵەوی گرتووە . . . بە ئالیـاوە تێـدەپـەڕێ‌و ڕاست ڕووەو ئانجەرۆ شۆڕدەبێتەوەو قەدبڕ لە ئاوەکـە دەداو ئەوسـا لەگـەڵ ئاوی غاردا ماینـەکوێت وەك کامیرایەکی سینەمایی لەسەر خۆ سلێمانی هێنایە پێشەوە . . . دووکەڵی زۆیا لە ماڵەکانی قەرەتۆغانەوە سەری دەکرد ، لەوێ‌وە ولاغی بەرزە هەواو قیز بەسوار دەدات . . . جوامێر یەکسەر لەف بەرەو سلێمانی دەیکوتێ ناوەراست یاخـود گرێی رووداوەکـە لێرەدا دروست دەبێ » لە هێکرا کۆمـەڵێ چادری خاکی وەك قارچلك لەبەردەمیا هەڵتۆقین ، سلەمی‌یەوە »

گرێیـەکـەو کردنـەوەی گرێیـەکـە رووبـەرێکی گەورە لە چیـرۆکـەکـەدا داگیر دەکـات و لێرەوە دەست پێ دەکـات » کە دوو سەربازەکە هاتنە چەقی ڕێگەو راست و چەپیان لێ گرت و ڕووی تفـەنگیـان تێکـرد . . . سەربـازەکـان تێیان گەیاند کە دەبێ دابەزێ . . . تا دەیبـەنـە بەردەم ئەفسـەر و چۆرە ئازارو ئەشکـەنجـەیەکی بۆ دادەنێ ، کە خۆی راگـرت و هیچی نەدرکـانـد تادەمی خۆرکـەوتن . . . » کە جوامێر ئازاد دەبێ گرێی رووداوەکە دەکرێتەوەوە کۆتایی دێ . .

لە نمایشی رووداوکەدا ، چیرۆکنووس تەکنیکی نوێ‌ی بەکار هێناوە کە لە رەنـگ و روخسـاری پاڵـەوانی چیـرۆکـەکـە وانـە « جوامێـر » لەنـاوەوە دەکێشێ و وێنـەی دەگـرێ ، ئەویش لەرێگـەی مەنـەلۆژی ناوخۆوە « ئەوژمی هۆش » کە چیرۆکنووس تیایا گوێ نادانە رەگەزی کات و شوێن و زمـان . . . بەکـارهێنـانی ئەوژمی هۆشی ناوەوەیش کارێکی ئەوەنـدە سووك و ئاسـان نیـە ، دەڵێ چیـرۆکنووس وریایی لەسـازکـردنی حاڵـەتێکی تایبـەتی کە لە دایـەلـۆگـەوە بگـوێزێتەوە بۆ مەنەلۆژو ، جەوێکی وا دروست بکات کە گونجاوو لەباربێ . . . کە سەربازەکە پێ‌ی دەڵێ : تۆ کوری بەفریت . . . تۆ کوێستانیت . . .

ـ ئەوە ئانەم لێ‌دەدەی . . . بیر لە جگەرە دەکاتەوە . . .

ئەو قسانە لە مێشکی خۆی دێنی‌و دەبا ، باڵ دەگرێ بۆ گلە زەردە . . . دیمـەنێکی ترت دێتـە بەرچـاو ئاگـرەکەی شێخ و خۆشەویستی‌یەکەی گەرمی دەکـەنـەوە . . هەست بە گەرمی‌کـردن لە نزیك شێخـەوە بێ . . . ئاگری شێخی گەورە نیشـانـەی ئەوەیـە هێشتا شێخ بێدارە . . . هەر دوو ئاگر گەرمایی دەدەن بە لەشی . . . لە چوونا سینگ و ڕووی گەرم بۆوە ، لە گەڕانەوەشدا پشتی گەرم دادەهات . . . وردە وردە بیری رەق بوونەوە لە کەلـلە باری کرد . . . ئای کە لەم دوو ئاگـرەی کە چیـرۆکنـووس کردوویەتی‌یە پردی نێوان گلە زەردەو جوامێر ، کە چ جۆرە پەیوەندی‌یەکی دەروونی لە نێـوان باری دەروونی جوامێـرو ئەو شەوە سەختـە دروست دەکات و ، چ ورەو هێزو وزەیەکی پێ دەبەخشێ . . .

« لە دیوێکی تری دیمەنی گلەزەردە کە شەوگار درەنگی کرد . . . دوو ئاگری زیاتر تین و تاوی بەبەرا کردو دەروونی هێنایە جۆش و گەرم داهات . . . . » . . . . » لە نێوان ئەو دوو ئاگرەدا گڤەی رەشەبای سلێمانی بەسەر بەفردا هەڵ دەکات نەیدەتوانی پشتی لەزەوی بدات .

## شەخسیەتی جوامێر

ئەو وێنەیەی کە چیرۆکنووس بۆ ( جوامێر )ی کێشاوە ، ڕەنگ و ڕوخساری دەرەوەو ئاوەو شێوەی لەش و لاری و باری دەروونیی و کۆمەلایەتیی و رامیاری ، لەو ڕەگەزانەی هەڵێنجاوە کە ناتوانین بڵێین شەخسیەتێکی ڕاستەقینەیە ، کە شەخسیەتێکی ئاوا بەو جۆرە خاسیەتانە هەبووە و ئەو وەسفەی کە چیرۆکنووس بۆی هەڵبژاردووە کت وەت لەو دەکات . شەخسیەتی چیرۆکیش هیچ مەرج نیە بەو جۆرەی چیرۆکنووس وێنەی دەکێشێ لەواقیع دا هەبێ ... دوورنیە هەندێ لایەنی ئەو شەخسیەتە هەبووبێ ، یا ڕەنگە لەدواڕۆژدا دەرکەوێ ... یاخود چیرۆکنووس لایێك لە باری دەروونی خۆی دەخاتە پاڵ شەخسیەتەکەو شەخسیەتی چیرۆکەکەی پێ ئاوێتە دەکات ... کەواتە هەرچەندە بیرەوەری چیرۆکەکە لە فۆلکلۆرەوە وەرگیراوە ، بەڵام شەخسیەتێکی هونەریە نەك شەخسیەتێکی مێژوویی ڕاستەقینە ... محمد فەریق حەسەن وەك هونەرمەندێك چەند لایەنێکی نوێی خستۆتە سەر کە دوور نیە لە شەخسیاتی ترەوە وەرگیراوە ، بەم شێوە توانیویەتی هونەرکاریی چیرۆکەکەی پێ مەیسەر بکات .

جوامێریش وەك شەخسیەتێکی چیرۆك ئامێز ، بەهاو نەریت و بیروڕای سەردەمی خۆی پێچەوانە دەکاتەوەو ، لە ڕێگەی هەڵس و کەوت و گفتوگۆو بیرکردنەوە و هەڵوێستی سرنجمان ڕادەکێشێ و هەست و هۆشمان دەجوولێنێ و ، وامان لێ دەکات کە پێ بە پێ لەگەڵیا بژین وەك ئەو بیربکەینەوە ، بۆئەوەی بگەینە چارەسەری گرفتەکەی کە تووشی هاتووەو گیری بەدەس خواردووە . لێرەدا پرسیاری دەکەین و دەڵێین : ئاخۆ چیرۆکنووس توانیویەتی بە تەواوی لە جوامێر بگات و بەناو دەروونیا شۆڕ بێتەوەو بە چاکی دەرك بە هەڵوێست و ئەرکەکانی بکات کە لە هەموو بارو دۆخێکدا دەتوانێ ، جێ بەجێیان بکات و ، پەنجە بخاتە سەرحەزو ئارەزووو ، میزاج و ئاستی هەست و هۆشی جوامێر . بێ ئەوەی بە زۆرە ملی هەندێ لایەنی بخاتە پاڵ و دەست بخاتە ناو هەڵس وکەوت و ڕەفتارەکانیو مەودای بیرکردنەوەو جووڵانەوەی دیاری بکات ... وەڵامەمان بۆ ئەو پرسیارە ئەمەیە چیرۆکنووس نەیویستوە شتێك بکات کە نیشانەی دەست تێوەردان و ڕێ لێ گرتن و کاری دەستکردی پێوە دیاربێ . بەڵکو توانیویەتی جیهانی ناوەوەی جوامێر دەربخات و چۆنیەتی تفاعلی لەگەڵ ئەو بارو دۆخەی تیا دەژیا شیبکاتەوەو کە کاریان تێکردووەو ، ئەو هۆیە سروشتیو کۆمەلایەتیو پەیوەندیە ویژدانیە ڕوون بکاتەوە کە بوونە مایەی جۆری کارو ڕەفتارو هەڵوێستەکەیو ، بوونە پردێك بەرەو کەناری تەبیعەتی شەخسیەتی جوامێر ... کە شەخسیەتێکی دەلالیە ، بە پێی هەڵوێست و ڕووداو ئەش و نوما دەکات و ، ڕەنگو ڕوخساری ئاشکراو ڕوون دەبێو ، خوێنەریش حەز بە شەخسیەتێکی وەك جوامێر دەکات کە دەیەوێ بە تەواوەتی لە خاسیەتەکانی بگات ، تەنانەت لایەنە نهێنیەکانیشی لا ئاشکرا بن و لە کرۆکی حەقیقەتەکەی بگات .

### دەوروبەر :

کارێکی گەورە دەکاتە سەر شەخسیەتی جوامێر ، کردەوەو هەڵوێست و ڕەفتارەکانی ڕەنگدانەوەی دەوروبەر ، یاخود ژینگەن . مەبەست لە دەوروبەریش بارو دۆخی شوێن و کاتی سەقام گیرو لەپڕناون کە لەناو چیرۆکەکەدا لەگەڵ ڕووداوەکان دەبن و پەیوندیەکی نەپچڕاویان پێوە دیارە .

محمد فەریق حەسەن هەر لە سەرەتاوە وەسفێکی شاعیرانەی دلگیری هەست بزوێنی دەوروبەرێکی سروشتی دەکات و بە کامیرای چاوی چیرۆك وەسفی گلەزەردە و ڕێگاو بان و دارو بەردو باخ و ڕووبارو بەفرو تەبیعەتی خانووو ، فەسڵی زستان و کۆمەڵێك شتیتر دەکات ، کە خاسیەتەکانی ئەو جۆرە دەوروبەرە شاخاویو شوێنە سەخت و چاو لەندازە ڕەنگین و دڵرفێنانە لەڕووی ئاوو هەواو باری ڕۆشنبیریەوە کارێکی گەورەیان کردۆتە سەر قەوارەی جوامێرو دەرخستنی ڕەوشت و خووومیزاجی ، هەروەها دەوروبەرە کۆمەلایەتیەکەی گلەزەردەو پەیوەندی بە سلێمانیەوەو ، بەگوندو شوێنەکانیترەو ، ئاستی ژیان و داب و نەریت و باری کۆمەلایەتیی کوردەواریو باری خاسیەتی سایکۆلۆژی لە چوارچێوەی ئەو سەردەمە دەردەبڕێ ، کە سەردەمی شێخی نەمرە ، هەروەها وێنەی ئەو پەیوەندیە ڕۆحیەمان بۆ دەکێشێ کە جوامێری بە شێخەوە بەستبۆوە کە بە تەواوەتی ڕەفتارو کردەوەو لە ئەنجامدا چارەنووسەکەی دیاری دەکات . بۆ ئەوەی ئەم لایەنانە زیاتر ڕوون بکەینەوە چەند حالەتێك دەخەینە ڕوو :

« ولاخی بەرزە هەواو فیز بەسوار دەدات وەك ئەو بوغراییەی هەڵگرتنی چەك و لەخۆدانی ڕەزنە فیشەك دەیدات بە مرۆڤی جەنگاوەر ... سوار بەتایبەت لەتاوێ غاردا هەست بە گەورەیی و بایی بوونێك دەکات کە پێشتر لە کەللەی نەداوە ..

- « کورد ئازان ... ئەوە دەترسیی شێرە کوڕ ، ئێستا خۆت لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی نوێدا دەبینی !

- « ئێستا کوڕی شێخ گەرمە .. کوڕو کاڵ و دەم سپیی ئەو نەفەرە لە دەوری کۆبوونەتەوە ... ڕەنگە باسی بەرەو ڕووبوونەوەی نوێترین ڕووداویان بۆ بکات »

- « تۆ ئێستا مێوانی من نیت . تۆ مێوانی بەریتانیای گەورەی بەڵام لەسەر خاکی خۆت . »

- لەوە دەچێ ئەمشەو گلەزەردە لەشار نزیك بووبێتەوە . . . ئەو لۆكسەی لای خواروو ماڵی خۆمانە .. ئێستا ئاگری داربەروو نێڵەنێڵی دەسووتێ . . .

- بەڵام ئاگاتە سبەینێ رەق دەبمەوە - نابینی بەفر دەشت ودەری داپۆشیوە ، نابیستی رەشەبا بەسەریا هەڵیکردووە .

« ئاگری لای کەوانە کوژبۆوە ! » ناهەقی ناگرم شەوگار درەنگە .

« ئەوە چیتە جوامێر ؟! نابینی هێشتا ئاگری شێخ دەگرێ »

« لوورەی گورگێك تێکەڵ بە گڤەی رەشەباکە دەبێ .

« رەشەباکە ورنگە نادات .. هەتا بێ ساردتری دەکات ،

« پێویستە تا خۆرکەوتن لە گەڕان و مجووڵ نەکەوم دەنا وەك تەختە سەهۆڵەکانی ژێرپێم رەق دەبم و گیانم لێ دەبڕێ ..

- باشە ئەوە دنیایە ، ئەگەر بە شکستی ئەم خێوەتگایەم بەجێ هێشت » نانا .. مردن هەرچۆنێك بێ سروشتی‌یە بەڵام هەرەس هێنان لە ئەزەلەوە بە باڵای مرۆڤ نەبڕاوە .

- هیچ لەوە ناخۆشتر نیە بۆ پیاو ، لەبەردەم خێزانەکەیدا وەك بوودەڵەیەك خۆی ببینێتەوە !!

ئەو هەمـوو تەداعیـات و تەوژمی هۆشە ، رەنگدانەوەی کارتێکردنی دەوروبـەرە بە هەمـوو جۆرەکـانی‌یـەوە لە جوامێرو بە تەواوەتی لایەنی سایکۆلۆژی ئەو شەخسیەتەمان بۆ روون دەکەنەوە ....

لێکۆڵینەوەو شی‌کردنەوەی دەوروبەریش لەخاسیەت و مۆرکی چیرۆکدا ، کە دەوروبەرێکی خۆماڵی کوردەواری‌یە ، لە رێگەی وێنەگرتن و وەسفی دەوروبـەری سروشتی‌و ژینگـەی کۆمـەڵایـەتی رێ خۆشکـەری لایـەنی دەروونین و حاڵـەتـە نەفسی‌یەکانی شەخسیـەتەکە دەردەبڕن و مۆرکی رەسـەنـایـەتی و سەرکـەوتنی چیـرۆکـەکە بەخـۆوە دەگـرن . هیچ چیرۆکنووسێکیش نابێتە نووسەرێکی رەسەن و بەرهەمەکەی نابێتە جیهانی ، ئەگەر هاتوو لە سەرچاوەکەوە دەستی پێ نەکردو بە راستگۆیی‌و سەرپاکی واقیعی دەوروبەری بەرجەستە نەکرد . چیرۆکنووس لەوچیرۆکنووسەیە کە زیـرەکانە شەخسیـەتی پاڵـەوانی چیرۆکەکە بە ژینگە دەبەستێتەوە ، نەك بە شێوەیـەکی رووکـەش و راستـەوخۆ ، بەڵکو لە رێگەی گوزارشت کردن لە باری دەروونی‌و شی‌کـردنـەوەی هەڵـوێست و وەسفێکی شاعیـرانـەو ، دەرخستنی جۆری پەیوەندیی داب و نەریت و کارو رەفتارەوە . کەواتە ئەو دەوروبەرەی کە چیرۆکنووس بۆی کێشاوین ، لە گۆشەی نیگای خۆیەوە ، وێنەیەکی راست و رەوانی سروشت و کۆمەڵی کوردەواری‌یە لە چوارچێوەی چیـرۆکـەکـەدا . کە بەراستی‌و دروستی توانیـویـەتی بە شێـوەیـەکی کارامەو داهێنـەرانـە بە قەڵـەمـە رەنگینـەکـەی وێنەی بکێشێ‌و لە ئەنجامی جووڵان و بزوتنـەوەو هەڵس و کەوت و رەفتـارو هەڵـوێستی جوامێـرەوە ئەوانـەی پەیوەندی‌یان بەوەوە هەیە بکێشێ‌و بە شێوەیەکی واقیعیانە بەرجەستەیان بکات ، بێ ئەوەی رەنگی دەستکـردی پێـوە دیـاربێ . . . ئالێـرەدا راستگۆیی هونـەری‌و رەسـەنـایـەتی خۆیـان دەسـەپێنن و ، رەوتی نوێکـاری‌و گیـانی سەردەم و هاوچەرخانە خۆیان دەنوێنن ، بەم کارە چیرۆکنووس دەبێتە مایەو نیشانەی پێ سەرسام بوونی خوێنەر .

## زمانی دارشتنی چیرۆکەکە

زمـانی چیـرۆکـەکە بریتی‌یـە لە گێـڕانـەوەو ئاخـاوتن . گێـڕانـەوەکە لە شێـوەی‌وەسفێکی شاعیـرانـە خۆی دەنوێنێ ، زمـانێکی سفت و سۆو بێ گرێ‌وگاڵ گۆڵ دوور لە هونەری جوانناسی و ئارایش کردن و رازاندنەوەی وشـەسـازی . چیـرۆکـەکە بەگشتی مۆرکی شیعر ئامێزی بەخۆوە گرتووە . چیـرۆکنـووس زیـاتر گوزارشت لەبـاری هەستکـاری جوامێـر دەکـات کە شەخسیەتی تەوەری‌ی چیرۆکەکەیە .

هەرچـەنـدە سەرچـاوەی‌چیـرۆکـەکە لە فۆلکۆرەوەیە ، بەڵام ئەم چیرۆکە بایەخ بە بەهاو بیروڕای تاقیکردنەوەی سەردەمێك دەدات کە گیانی ئەمڕۆو سبەینێ‌ی دەگرێتەبەر . چیرۆکە دەچێتە ریزی چیرۆکێکی کەلەپووری وەك کەلـەپوور « تراث » بە شێوە لاسـایی‌کـەرەوە ئاسـایی‌یەکەی نا ، بەڵکو بە مۆرك و شەقڵە هونـەری‌یـەکـەیـەوە کە زیـاتر بایەخ بە تاقیکردنەوەی زیندوو دەدات و ، گوزارشت لە نرخ و بەهای پتەوی قۆناغێکی گرنگە لە ژیانی گەلەکەمان دەکات .

وەکـو ونمـان رووداو هەڵـوێستـەکـان لە دوو رێ‌وە سەر دەردەکـەن و ، دەست دەکەن بە جووڵەو نەش ونوما کردن ، لەرێگەی گێڕانەوەی وەسفێکی شاعیـرانـەی زمـانێکی ناسـك ، کەهـەر لەسـەرەتاوە زمانەکە خوێنەر بکێش دەکـات و لەگـەڵیـا دەژیت . زمـانی چیـرۆکیش چەند خاسیەتێکی هونەری بەخۆوە دەگرێ ، کە دەبنە هۆیەکی گرنگ بۆ بزوتنەوەو نەش و نوما کردنی رووداوەکان ، ئەگەر زمانەکە سفت و سۆو کاریگەرو ورووژێن بێ ، ئەوە مانای ئەوەیە رێگا بۆ خوێنەر خۆش دەکات کە بە ئاسەوە لەگەڵ چیرۆکەکەدا بژی .

ئەو رووداوانـەی کە چیـرۆکنـووس نیشـانی داون و پەیـوەنـدی‌یـان بە جوامێرو ئەفسەرەکەو سەربازەکانەوە هەیە ، بەشێوەیەکی خەست و خۆڵ و ، بەشێـوازێـك دەیـانگێـڕێتەوە تیـایـانـا لایـەنی دەوروبـەرو ژینگەو باری سایکـۆلـۆژی‌و کەسـەکـان تێدا بەدی دەکـرێن ، وێڕای وێنەکێشانی رەنگو روخساری شەخسیەتەکان و جۆری مل ملانێ‌یان ، کە لە ئەنجامدا رێگە خۆش دەکـەن بۆ جووڵانی رووداوەکـان روونکـردنـەوەی تەعبیر کردنیان لە هەڵوێست و کارو رەفتاریان .

لێرەدا ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە چیرۆکنووس لە وێنەکێشانی هەست و نەستی جوامێرو کەسانی‌تر ڕێگەی شی‌کردنەوە دەگرێتە بەرو نایێتە دەمراستی ئەوان ، بەمەوە گوزارشت لە ئاستی هۆش و تێگەیشتن و ئاستی بیرکردنەوەیان دەکات .

لە رووی ئاخاوتنیشەوە چیرۆکنووس زیاتر پەنای بردۆتە بەر مەنەلۆژی ناوەوە ، نەك دایەلۆگە ، واتە زۆرکەم رووی کردۆتە گفت و گۆی راستەوخۆ . . . دایەلۆژو مەنەلۆژ ەکە پەیوەندیی راستەوخۆیان بە جوامێرو کەسانی‌ترەوە هەیە ، پلەی رۆشنبیریو واقیعی کۆمەلأیەتیان دەردەخەن ، بە شێوەیەکی

راستگۆیانە ، لەدەم و دەروونی جوامێرو ئەفسەرەکەو سەربازەکانەوە دەردەچن و ، ئاستی بیرکردنەوەو ئەرکی سەرشانیان و واقیعی ژیانیان دەردەخەن .

گرنگترین خاسیەت لە جۆری دەربڕین و زمانەکەدا جوێنەتی ڕێگە خۆش کردنی سەرهەڵدانی مەنەلۆژەکەیە ، کە لە ئەنجامی سەرهەڵدان و نەش ونوما کردنی هەڵوێست و ڕوداوەکانەوە سازبووە ، نەك بە دەستی ئەنقەست ، بێ رەخساندنی جەوێکی تایبەت کە ڕێگەی بۆخۆش بکات .

زمانی دایەلۆژو مەنەلۆژەکە ڕوون و پاراوو رەوانە . زمانێکی شیعر ئامێزە . با چەند نموونەیەك لەو دەربڕینە ناسك و تەڕو پاراوە بهێنینەوە :

## شێوازێکی شاعیرانە :

« گلەزەردە ، بە تارای سپیی بەفریوە . . بە باخی هەناریوە ، بە گوێزی گڵنەسەرو کۆرپە دەوەنەکانیوە ، تازە بووکێکە ، لە دوورەوە دووگمەی سینەی بۆدەست وپەنجەی بزێوی کوڕی سلێمانی ترازاندووە »

## شێوازی بەرجەستەکردن و تەشخیص

« ماینەکوێت چەند جارێ دەستەکانی خستە ناو ئاوە کەوەو گەڕایەوە ، پرمەیەکی لێوە دەهات و سەری رادەوەشاند . ئاتجەرۆی لێڵ بە خوڕەو شەپۆلەکانیوە وەك مرۆڤێکی رووگرژ دەرکەوت .

## وەسفی هەستکاری :

نەیدەزانی چۆن بەرەو رووی بێتەوە ؟ ئەم شەوە کفن پۆشە لەگەڵ ئاوی عاردا ماینەکوێت وەك کامێرایەکی سینەمایی لەسەرخۆ شاری سلێمانی دەهێنایە پێشەوە گوزارشت لە دەوروبەرو لایەنی ئاوو هەواو کەش و ، کەژی زستان و بەهار :

ئەو رۆژەی سەهۆڵەکە دەشکێ لە گلەزەردە یەکەم رۆژی بەهارە .

شی‌کردنەوەی باری دەروونی و دەستنیشان کردنی حاڵەتی سایکۆلۆژی‌ی تایبەت :

«ولأخی بەرزە هەواو فیز بە سوار دەدات . . .

« هەندێ جاران خەیاڵاتی لەو جۆرە بەسوار دەبەخشێ کە مەی بۆمەستی دێنێ .

## پەنا بردنە بەر ئەفسانە :

« ئەم تەمە شین باوە تا خوری چێشتەنگاوی بەر نەکەوێ پەرت نابێ . . . رەنگە ئاهو هەناسەی خەڵکی بێ و نەگاتە تەختی پەروەردگار ، بۆیە سبەینێ ، بەیانی هەمدیس بەرز دەبێتەوە . . . ئاشەبەردە زەبەللاحەکەی کە لەوەتی بیری کردۆتەوە بەتەمایە هائێستا ، هەناوێکی‌دی بەسەر ویدا هەرەس بێنێ ، کەچی نووکە دەرزییەك لەجێی خۆی نەجووڵاوە »

## شێوازی خەستکردنەوەو چڕ کردنەوەی زمان .

هەرچەندە چیرۆکنووس لە هەندێ شوێنی چیرۆکەکەدا لە وەسفی دەوروبەر ، شێوازێکی درێژداد‌ی دەگرێتە بەر ، بەلأم ئەم درێژ دادرێنە ئەوەندە پڕ لە جووڵەو وروژاندن و زیندەگی‌یە ، هەرگیز هەست بە پەستی‌و بێزاری ناکەیت ، بەڵکو بێ‌ئەوەی خۆشت هەستی پێبکەیت دەکەوێتە باوەشی گەرم و گوڕی گێڕانەوەکەو بست بە بست لەگەڵ چیرۆکنووسدا بەناو دیمەنەکاندا دەگەڕێ‌و چاوودڵ و دەروونت پڕدەبن لە وەسفەکە . . . سروشتی گێڕانەوەکەش ئەم جۆرە شێوازە دەسەپێنێ‌و پێویستی پێ دەکات . بەلأم ئەمە مانای ئەوە نیە کە

نووسەر دەسەڵاتی بەسەر چڕو پڕی دانەشکاوە ، بەڵکو لە هەندێ شوێنا شێوازی ورووژاندن و نامۆیی پێرەو دەکات ، کە خوێنەر خۆی هەندێ لە هەڵوێست و ڕووداوەکە هەڵکرێنێ ، کە نووسەر نەیویستوە باسی بکات بۆ نموونە :

« ئەفسەرەکە لە گوماندابوو ، دەستێکی بە زەنگی سەر مێزەکەدا ، پاسەوانێك خۆی بە ژووردا کردو سلاوێکی سەربازی داکوتا . . کابرای ئەفسەر بە گوێ‌یدا چپاندو جوامێری بەرەو روو کردەوە »

دوا وتەم بەرامبەر ئەو چیرۆکە ئەوەیە هەرچەندە من لە شوێنی رووداودا لەچەند رەگەزێك دوام ، لێرەدا حەز دەکەم سرنجێك دەربرم وەك سووکە رەخنەیێك لە شێوەی کۆتاییەکە ، ئەو سرنجەش لە هێزوپێزی توندوتۆڵی بیناسازی چیرۆکەکە کەم ناکاتەوەو دەڵێم : کە ( جوامێر ) لە ئەزموونە ترسناك و سەختەکەدا سەرکەوتنی وەدی هێناو سەربەرزانە لێی دەربازبوو ، کۆتایی

چیرۆکەکە بەم وتەیەی پاسەوانەکە دێ کە پێی وت : - « تۆ ئێستا ئازادی . . . . ولأخەکەشت ئامادەیە » بۆیە ئەو دایەلۆگەی کە بە دوای قسەی پاسەوانەکەوە دێ بەلای منەوە زیادەو پێویست بە بوونی ناکات و ئەو دایەلۆگەی جوامێر شێوەیەکی وەعزیو دروشم کاری بە کۆتاییەکە دەبەخشێ کۆتاییش دەورێکی زۆر گەورە

میسریەکان، هیندیو چینیو یابانیو هیندی ولاتانی خورەلاتی دوویش ژیارو میژووی خویان نەخشاندوە بەم هونەرە بەرزە. بیگومان میژووی هونەری ئەو نەتەوەو گەلانەیش بەلگەیەکن بو سەلماندن و راستی ئەم لایەنە. ئەوەی سەلمینراوە لە هونەری موسیقادا ئەوەیە کە لایەکی زور گرنگی گرتوە لە پیداویستە بزیویەکانی هونەری شانوییدا.

جا کاتیك لەسەر بابەتیکی موسیقا دەدوین وەك موسیقایەکی شانویی... دەبیت ئەوە بزانین کە بیرکردنەوەو بەکارهینانی جیاوازە لەوەی کە تەنها پارچە موسیقایەك بیت و بەس کە هەر بو گویلیگرتن بیت، بەلکو زور لایەن هەیە دەبیت بوی رەچاو بکریت.

لیرەدا هەندیك را دەخەمەروو کە هەمووی بوچوونە لەو بەکارهینانە هونەریانەدا:-

هەندیك دەلین مەرج نییە هەموو شانوگەرییەك موسیقاکاری تیابکریت، واتە دەقی شانوگەری وا هەیە پیویستی بە موسیقا هەیەو دەقی وەهایش هەیە پیویست ناکا بە بەکارهینانی، بە تایبەتی ئەو شانوگەرییانەی کە بە پلەی یەکەم و سەرەکی دواندن DiaLogue کاریکی گرنگ دەگیریت، هیچ ماوە نادات بە موسیقا کە تیادا دەرکەویت، هەر رەنگبیت ئەو بابەتە شانوییانەی کە بەو چەشنە دەنووسرین پیویستی بە موسیقا نەبیت، بگرە هیچ لایەکیشی بو کەم و زیاد ناکات.

بەلام.... هەندی شانوگەری تر هەن موسیقا نورەیەکی زور کاریگەرو بالای تیا دەگیریت و ئاستی هونەری دەگەیەنیتە ئەوپەری سەرکەوتن. وەك شانوگەریە کومیدیو میژووییەکان، ئوپەریت و ئوپیرا. خو ئەگەر بیتو هەر لەم شیوانەدا چەوتانە بەکاربهینریت ئەوا ئەو شانوگەریانە لە ئاستی زور نزمەکاتەوە، بگرە ئەوەندەی تر دەبیات بە ناخی زەویدا.

هەندی رای تر دەلین.... موسیقای شانویی هەر زور پیویست و رەوایە، بەلام دەبیت بەکارهینانیو دانانی بزانریت چونە، مەبەستمان لەمەدا ئەوەیە کە ئەم جورە موسیقایانە لە ئەنجامی تیگەیشتن و ریگەوتنی دەرهینەری شانوگەرو دانەری موسیقا دیتە بەرهەم ئەو کاتەیش بە پیی پیویستی ئەو هەلویست و دیمەنانەی کە لە شانوگەریەکەدا دەست نیشان دەکرین... بەکاردەهینریت بو بەهیزکردنی هەندی لەو دیمەنانە.

هەندیکی تر دەلین... هەموو شانوگەرییەك سەرەتاو کوتایی هەیە جگە لەو بەشانەی تری کە ناوەروکی پیك هیناوە. جا دەشیت موسیقایەك وەك دەربرین دابنریت لەو لایەنانەی کە هەن، وەك کورتەیەك لەو رووداوانەی کە لەلا سەرەتاوە پیشان دەدریت، هەر لە هەمان کاتیشدا سوودی لی وەربگیریت بو ناوەروکی بەشەکانی تر، ئەو بەشانەی کە پیویستی بە موسیقا هەیە تاکو بزیوییەکی تیا پەیدا بکات و هەست بە کزیو لاوازی ئەو هەلویست و دیمەنە نەکریت. ئەم جورە موسیقایەیش پیی دەووتریت سەرەتا Overture.

بەلام رایەك کە لە هەموویان پەسەندترو گونجاوترو بەجیترە.. ئەوەیە کە دەبیت موسیقای شانویی لە ئەنجامی لیکولینەوەی نیوان دەرهینەرو دانەری موسیقا پەیدا بیت، چونکە دەرهینەر کلیلی بینایی هونەرییە بو لیکدانەوەی دەقی شانوگەریو شیوەی سەروکاری لەسەر شانو چ لە رووی هونەرییەوە بیت، چ لە رووی ناوەروکەوە. بویە پیویستە هەردوو ئەم لایەنە پیك بین و ریکەون لەسەر ئەو لیکدانەوە تاکو بگەنە ئەوەی کە چ جورو چەشنە موسیقایەکی بو دەگونجیت؟! چ جورە تەکنیك و والاکارییەکی بو دەشیت تاکو بوی بەکاربهینریت؟ چونکە هەر بەکارهینانیك بەرودوای خوی دادمەزرینیت ولەوانەیشە لە بەشەکانی تری شانوگەریەکەدا دوپات نەبیتەو. بیگومان ئەم جورە کارە بزیوییەکی تەواو دەخاتە رووداوەکان کە بە دوای یەکدا دین لەو بەرهەمەدا،

هەندیکی تر دەلین.... دەرهینەر هەر بو خوی لیپرسراوە لە بەکارهینانی موسیقا لە شانوگەریەکدا، واتە دانەری موسیقا تەنها کاری دانانی موسیقایەو بەس بو ئەو شانوگەرییە لەگەل هەندی رەچاوکردنی داینامیکی دانان و دانان و دەربرین. هەندیکیتر لەو رایانە دەلین.. لەو ناوچەو ولاتانەی کە ئابووریان کزەو ئاستی ژیان گوزەراندنیان نزمە، دەشیت پەنا ببرینە موسیقای جیهانی واتە سمفونیاو سوناتاو کونسەرتو... هتد، یان هەر پارچە موسیقایەك ئامادەبیت و لەو بوارەدا یارمەتیان بدات بو بەریکردن و گەلالەکردنی کارە هونەرییەکەیان. ئەمەیش پاش بیستنی ئەو موسیقایەو دیاریکردنی

ئینسانیمان نیشان دەدات کە کەوتوونەتە ناو کۆمەڵێك ناکۆکی ، نەك تەنیا لە رووداوێـك دا ، بەڵکـو لە دروست بوونی چەند حاڵەتێکی هەمەلایی تێك ئاڵاوی ناو یەك ، بەڵام ئەم جۆرە چوونە ناو یەکەو تێك ئاڵانەو هەمەلایی‌یە بارگرانی‌یەك ناخەنە سەر شێوازی زمانەکە ، کە مۆرك و شەقڵی دەربڕینەکە بگۆڕن ، وەك دەبینین زۆر هێمن و لەسەرخۆیەو دوورە لە هەڵچوون و سەرکێشی‌و پێ‌لێ‌هەڵبڕین و کاری ساویلکەو ناژیرانە . . . بە هیچ کلۆجێ هەست ناکەین کە چیرۆکنووس دەست دەخاتە ناو رەوتی رەوانی چیرۆکەکە ، کە بە دەستی ئەنقەست هەندێ شتی بەسەرا بسەپێنێ ، یاخود بە دەمیەوە بیەستێ ، یا جڵەوی بیرکردنەوەی بگرێتە دەست خۆی .

وەك لە دەست پێ‌کردنی سەرەتایەکەدا چیرۆکنووس گرەوی هونەرکاری‌و وەستایی بردۆتەوە ، هەتا دەگاتە کۆتایی چیرۆکەکە ، توانیویەتی لەنگەری ئیقاعەکەی رابگرێ‌و بە زۆرە ملێ شتێکی وا نەکات هارمۆنیەتەکەی ناسازبکات . . . لە کۆتاییەکەشی‌دا سەرکەوتنێکی باشی وەدەس هێناوە ، لە لایێ ساویلکەیی‌و ساکاری هەردوو دایکەکەی دەرخستووە ، لە لایەکی تریشەوە ئەو وەڵامە گورج و گۆڵە ، لەجێ‌یەی کچەکە بەرامبەر دایکی ئەندازیارەکە داویەتی‌یەوە کۆتایی‌یەکەی بەرەو وروژاندن و سرنج راکێشانی خوێنەر دەبات ، نەك کۆتایی‌یەکەی شێوەیەکی چیرۆکی پۆلیسی وەربگرێ کە خوێنەر بەر لە گەیشتنی بە کۆتایی‌یەکە ئەنجامەکەی لا دیارە . . . ئەم کۆتایی‌یە چاوەڕوانکراوەی کچەکە لە چیرۆکەکەدا کە شەخسیەتی سەرەکی چیرۆکەکەیە ، لە دڵ و دەروونی خوێنەردا ترپەیەکی تایبەتی دەبێ‌و لەو لەقتە کورتە بروسکەییەدا هەموو بوون و شەخسیەت و لاف و گەزاف و قەوارەی ئەندازیارو دایکەکەی وەك ( کن فیکون ) یەك هەڵدەتەکێنێ . . کۆتایی چیرۆك ئەم جۆرە ساتانەی گەرەکە ، کە ساتی تەقینەوەی چاوەڕوان نەکراوە و شێوەیەکی پڕ لە دینامیکی دەگرێتە ئامێز ، کە لە راستیدا هێزو پێزو تەکانێکی ئەوتۆ بە چیرۆکەکە دەبەخشێ کە لە بەرژەوەندی بنیاتنانی چیرۆکەکەدا بێ‌و ئەم چیرۆکەش لەناو چیرۆکی رەسەنی ئەمڕۆماندا شوێنی دیاری بێ‌و چیرۆکنووسێکی تری بەتواناو خامە رەنگین بێتە ریزی چیرۆکنووسە دیارو سەرکەوتووەکانمان .

## گوڵەو برایمۆك :

بیری چیرۆکەکە وەك چیرۆکنووس ئاماژەی بۆ کردووە لە ئەفسانەیەکی فۆلکلۆری‌یەوە وەرگیراوە . بریتی‌یە لە گیان بەخشینی برایمۆکی عاشق لەپێناوی کانی‌یەکەدا کە سەرچاوەی ژیانی گوندەکەیە . بەکارهێنان و تەوزیف کردنی ئەفسانە ئەوەندە کارێکی سووك و سانا نیە کە هەموو نووسەرێ بتوانێ پەی پێ ببات و تیایا سەربکەوێ . . بیری چیرۆکەکە وەك رەمزێك کە عاشقی کانی یەکەو گوڵەیە ، مل ملانێ‌ی نێوان دوو هێزی ناکۆك وەك ناوەڕۆکی چیرۆکەکە کارێکی پەسندو ماقووڵەو ، بابەتە ئەفسانەکە لە مۆرکی میسۆلۆژی‌دا دەردەکات و بەرەو واقیعێکی رەمزی دەبات . . . بەڵام لێرەدا بۆم هەیە بپرسم چۆن سەگ و گورگ وەك دوو جەمسەری دژ بەیەك لە پێناوی مەبەستێکی ئاوا ناهەموارو گڵاودا یەك دەگرن و پەلاماری ئەو عاشقە رەمزە دەدەن کە ئەموو شەو کانی‌یەکە دەپارێزێ . . . سەگ نیشانەی وەفاو نمەك و ئەمەك داری‌یە . گورگیش دوژمنی خوێنێنی ئادەمیزادە . . با ئەفسانەکەش بەم شێوە بووبێ ، ئاوی ئەم کانی‌یە بە دەمی سەگ و گورك پیس نابێ . . . چۆن سەگ و گورگ پێکەوە پەلاماری برایمۆکیان داو خوێنیان رشت ، خوێنە گەش و ئاڵەکەشی تێکەڵ بە ئاوە روونەکە بوو ، بە جەستە خوێناوی‌یەکەشی‌یەوە جێ قەپاڵی سەگ و گورگ نەدەبینرا ؟ .

هیچ مەرج نیە دەقاودەق وەك خۆی چۆنە مامەڵەی لەگەڵدا بکات ، ئاشکراشە ئەفسانە ئەوکاتە خۆی بەسەر مرۆڤدا دەسەپێنێ کە سروشت دەسەڵاتی بەسەر مرۆڤدا هەبێ ، کاتێ مرۆڤیش خۆی بەسەر سروشتدا دەسەپێنێ ، ئەو حەلە ئەفسانە دەوری نامێنێ . .

لەو چیرۆکەدا یەکەم رەمزی شەهید بوونی وشەهادەی ، دێ‌یەکە برایمۆکی عاشقی کانی‌یەکەو گوڵەیە . خوێنەکەی برایمۆکیش شۆڕشێك لە دڵ و دەروونی لاوو هەرزەکارانی دێ‌یەکە بەرپا دەکات ، کە هەریەك لەوانە برایمۆکێك بێ‌و پارێزگاری لەو کانی‌یە بکات کە مایەی ژیانی خەڵکەکەیە .

ئەم جۆرە کۆتایی‌یەی چیرۆکەکە هەرچەندە شێوەی راستەوخۆو خیتابی بەخۆوە دەگرێ ، بەڵام وەك بەردەوام بوونی مل ملانێ‌یەکەو رەمزی بەرگری‌کردن ئەنجامێکی باشە ، هەرچەند من لەگەڵ ئەو جۆرە شێوازە دروشم کاری‌یە نیم ، چیرۆکنووس بۆی هەیە ، تەکنیکی نوێ بەکار بێنێ ، بێ ئەوەی بکەوێتە ناو ئەو جۆرە دایەلۆگە راستەوخۆیانە .

چیرۆکنووس لە قالێبکی گێڕانەوەو وەسف دا چیرۆکەکەی مەیسەر کردووە ، خوێنەر زیاتر هەست بە دیوی دەرەوەی واقیع دەکات . رووداوێکی درامی تێدا بەدی ناکرێ . . . وەسفی دەرەوەی برایمۆك و دیمەنەکان و خەڵکی دێ‌یەکە راستەوخۆیە . . . چیرۆکنووس لە مەسەلەی تەون ، یاخود چنینی حبکەی چیرۆکەکە وەك سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی ، ئەوەندە تونددوتۆڵ نیە کە رووداوەکان بە شێوەیێ نەش ونوما بکەن و پەیتا پەیتا بگۆڕێن ، کە هەندێکیان ببنە هۆی رووداوی هەندێکی تر ، ئەوسا بەرەو کۆتاییەکە بچن . تەنانەت شێوازی بەکارهێنانی تەکنیکی نوێ لە وێنەکێشانی کەسانی چیرۆکدا لەناوەوە وێنەیان دەکێشرێ‌و لەرووی دەروونی‌یەوە شەخسیەتەکەیان دەر دەخرێ ، واتە لە رێگەی ئەوزمی هۆشدا . . . ئەم حاڵەتەش زۆر بەکزی بەدی دەکەین

که چیروکنووس پەنا دەباتە بەر مەنەلۆژی ناوەوە ، پێویست بەو درێژە دادرین و هەندێ روونکردنەوە ناکات ، چونکە لای خوێنەری زیرەك ئاشکرایەو ، ئەم جۆرە شێوازەی دەربرینە رەوتی رەوانی چیرۆك و تەداعیاتەکەی خەفە دەکات . بۆ نموونە :

و گوڵە ـ قسەی برایموك بوو ، خۆت وتەنی برایموکی فریشتە ، ئەی ئەوانەی کە عاشقی کانی‌یەکەن فریشتە نین ؟ ئەوانەش کە باوەریان وا نیە ، بەلای تۆوە شەیتانن . . کەواتە مل ملانێ‌یەکە لەنێوان فریشتەو شەیتاندایە ! . . .

شەیتانیش تاسەر نەیتوانیوە پشتی فریشتەکان لەزەوەی بدات . . . .
چیروکنووس بۆی نیە بێتە دەمراستی کەسانی چیرۆك و دەستبخاتە ناو بیرکردنەوەو کارو رەفتارو هەڵس و کەوتیان شەخسیەتی گوڵەو برایموك

شەخسیەتیکی واقیعیْ مێژوویی نین ، بەڵکو لای چیروکنووس شەخسیەتیکی واقیعین لە قالبیکی هونەریدا ، کە چیروکنووس مەبەستی‌یەتی چەند لایەنیکی دیکەیان بخاتە پاڵ کەلەوانەیە لە چەند شەخسیەتیکی دیکەوە وەرگیرابن

لەبەرئەوە دەبێ زمانی چیرۆك خاسیەتەکانی هونەرکاری پێوە دیاربێ ، کە بێتە پردێك بۆ رەوتی رووداوەکان و ، دیارکردنی هەڵوێستی کەسانی چیروکەکە .
لێرەدا دەپرسین کە برایموك خەڵکی دێیەکە نەبێ‌و ، ئەوەندە ناسراونەبێ ،

بۆ عاشقی کانی‌یەکە بێ‌و هەرزەکارێکی خەڵکی گوندەکە نەبێ ، کەواتە دروستکردنی شەخسیەتیکی وەك برایموك وەك رەمزێك بۆ پاراستنی کانی‌یەکەو خۆبەکوشتدانی لەپێناوی ئەو ئامانجە پیرۆزەدا ، دەبوایە لەناو جەرگەی گوندەکە

هەڵقوڵیاو ، چیروکنووس لە شێوە ئەفسانەییەکەی دابریبا ، هەروەها کە برایموك لای کچ و کورانی دێیەکە دەبێتە رەمزی ئازایەتی‌و لەخۆبوردن ، دەبوایە لەسەر خواستی گوڵە لەتەك کانی‌یەکەوە بنێژرابا ، وەك رەمزێکی نەپچراوی نێوان کانی‌یەکەو برایموك . تەنانەت دوای مردنیشی ، تا ببێتە جێ

نزرگەی خەڵکی دێیەکە کە لە پێناوی ئەواندا سەری نایەوە ، نەك لە گۆرستانیکی ئاسایی ئاواییەکە ، کە وەك هەر کەسیکی‌تر سەیر بکرێ ، ئەوحەلە رەمزەکە دیویکی دی وەر دەگرت ، لە دوای شەهیدبوونی برایموك هەر لەبەرچاوەو لە دڵ و دەروونیدا دەژی‌و هەرکەسێ لە ئاوی کانی‌یەکە دەخواتەوە برایموکی بیر دەکەوێتەوە ، یاخود پرسیار لە سەرگوزشتەکەی دەکات ، ئەمە لەلایێ ، خۆ ئەگەر برایموکی عاشقی کانی‌یەکەو مرۆڤی ئازاو جەربەزەی لەخۆ بوردوو ، رۆژێ لە رۆژان بەگوێی گوڵەی چپاندباو : گۆرك خوێنی منیان رشت وەسیەت بێ لەتەك کانی‌یەکەدا بمنێژن تا لە گۆریشدا لێوە نزیك بم ، ئەوحەلە رەمزو وەفاو دەلالەتی عیشق و خۆشەویستی ئاوو خاك بەهێزترو کاریگەرتر دەبوو .
ئەم چیروکەی محمد رشید فتاح کە کەرستە خاوەکەی ئەفسانەیەکی

فۆلکۆری کوردی‌یە ، لەوە زیاتر هەڵدەگرێ کە چیروکنووس دایرشتووە ، چیروکنووس ئەتوانێ جاریکی‌تر بەوردی پێ‌یدا بچێتەوەو بیکاتە هەوێنی رۆمانیکی باش کە سوودیکی تەواو لە مۆرکە میسولۆژی‌یەکە وەربگرێ‌و ، بازنەی رووداوەکان و کەسانی چیروکەکەو دەوروبەری گوندەکە فراوان تر بکات و ، لە قالبیکی هونەرکاریدا دایبرێژێتەوە ، هەرچۆنێ‌بێ ، ئەگەر چاو لە هەندێ کەمو کووری هونەرکاری چیروکەکە بپۆشین ، ئەوە دەگەینە ئەو قەناعەتە کە چیروکنووس تا رادەیێ توانیویەتی فۆلکلۆرەکە زیرەکانە ئەوزیف بکات و سەرکەوتن وەدی بێنێ

## دیدەنی :

چیروکێکی ( مصطفى صالح کریم ) ە ، روونکردنەوەو ریسواکردنی مرۆڤێکەو نارەزایی دەربرینە بەرامبەری ، کە پایەو سامان هەموو هەڵوێستی پێشوویی‌و مێژووی رابوردووی دەشۆرێتن و ، هەرچی نمەك و وەفاداری هەیە دەسرێنەوە . . وێنە کێشانی ئەم جۆرە نموونانەی ناو کۆمەڵ و ریسواکردنیان وەزیفەی چیروکنووسەو ( مستەفا ) ش وەك چیروکنووسیکی واقیعی ئەم ئەرکە بەجێ دێنێ‌و لە چیروکی ( دیدەنی ) دا هەڵوێستەکەی فۆادبەگ ساغ دەکاتەوەو سارتەریش وتەنی : « مرۆڤ هەڵوێستە » .
چیروکنووس وەك شێوازی واقیعی‌یەتی نوێ هەرلەگەڵ دەست پێ‌کردنی

چیروکەکە لەقتەیەکی کۆتایی چیروکەکەمان وەك لەقتەیەکی سینەمایی نیشان دەدات و بەم لەقتەیە « دڵنیام کە نان و نمەکی لەبەرچاوە » خوێنەر دەورووژێنێ ، کە خۆی بخاتە باوەشی چیروکەکە ، رەوتی چیروکەکە بکێشێ دەکات بەرەو رووداوەکان و لێك بەستیان و دارشتنی چنین وتەونی چیروکەکە . . ئەم جۆرە شێوازەش لە بەکارهێنانی تەکنیکی نوێدا ئەمرۆ چیروکنووسی سەرکەوتووپێرەوی دەکەن . بۆ نموونە جەنگیز ئیتماتۆف لە « جەمیلە »دا . هەرچەندە ئەم فلاش باکەی چیروکنووس وەك ئیحایەکی دەروونی‌و خودی لە کۆتایی‌یەکەدا بە پێچەوانە وە دەشکێتەوە ، بەڵام وەك هونەری ( تەکنیك ) ی نوێ وا لە خوێنەر دەکات کە بە دوای ئەنجامەکەیدا بگەرێ .
پاڵەوانی چیروکەکە مرۆڤێکی واقیعی‌یە ، چیروکنووس بە جۆرێ وێنەی بۆ کێشاوین کە هەندێ لایەنی شەخسیەتی خۆی خستۆتە پاڵ و گوزارشت لە واقیعێك دەکات کە چیروکنووس و کەسانی وەك ئەو ، ئەو جۆرە موعانات و ئەشکەنجەیان چەشتووە کە بۆ ناو چوار چێوەی دەوروبەری ناوچەکەدا توورێ درابوون . هەر ئەو بارو دۆخەی شوێن و کاتە ناهەموارەی دەوروبەرەکەن کە پاڵەوانی چیروکە ناچار دەکەن کە جۆرە رەفتارو هەڵوێستێك بنوێنێ کە لەوانەشە ـ هەرواشە ـ لە دڵەوە حەزیان پێ نەکات ، بەڵام ئەو لایەنە سایکۆلۆژی‌یەی بەدەم بیرکردنەوەو لێکدانەوەی چوونی بۆلای فۆادبەگ و وێنەکێشانی دیمەنی دیدەنی‌یەکە پێش چوونی پاڵەوانی چیروکەکە لە ئەنجامی واقیعی دەوروبەرە نوێ‌یەکە سازبووە ، کە حاڵەتی دەروونی تایبەتی لێوە سەری هەڵداوە ، ئەم

جۆرە دەوروبەرەی چیرۆکەکە وەك چیرۆکنووس وێنەی بۆ کێشاوین ، کە لە بازنەی ژیانی پڕ لە موعاناتی ساڵێکی ڕەبەق دا لە بیابانێدا چەسپ بووە ، بە هەموو ڕووو لایەنەکانی‌یەوە ، وێنەیەکی سەرڕاستی واقیعە ناڵەبارەکەیە کە نەك پاڵەوانی چیرۆکەکە بە تەنیا گرفتاری بووە ، بەڵکو کەسانی تریش ، کە ئاوو هەواکەی لەگەڵ باری تەندروستی‌و ژیانی تایبەتیان ناڵوێ . . . کەواتە لە وێنەکێشانی دەوروبەرو ئارەزایی دەربڕینی کەسانی ناو چیرۆکەکە ، بە تایبەتی پاڵەوانی چیرۆکەکەو ئاوەڵەکەی‌و دەرخستنی باری دەروونیان و جووڵاندنیان لەناو بازنەکەدا ، بەو جۆرە واقیعی‌یەتە ، شەقڵی ڕاستگۆیی‌و هونەرکاری بەخۆوە دەگرێ‌و هەر ئەم دەوروبەرە ناهەموارەشە دەرگا بۆ ڕووداوەکان دەکاتەوەو سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی چیرۆکەکە مەیسەر دەکات .

زمانی دەربڕینی چیرۆکەکە نمایشکردنی هەڵوێست و دەرخستنی ڕووداوەکان و وێنەکێشانی دەوروبەر لە دوو سەرچاوەوە هەڵدەقوڵێن ، وەسف و گێڕانەوە . ئاخاوتن و دایەلوگ و مەنەلۆژ ، بەزمانێکی پاراو بە پێی ئاستی بیرکردنەوەو بۆچوونی کەسانی چیرۆکەکە دەدوێ . وێنەی لایەنەکانی دەوروبەرمان بۆ دەکێشێ و باری دەروونی شەخسیاتەکان وەسف دەکات و هەڵس وکەوت و ڕەفتاریان و حاڵەتی تایبەتیان دەکێشێ و دیوی دەرەوەی دەوروبەر ، دیمەنی شتەکان ، ڕێگاخۆش دەکەن بۆ دەستنیشانکردن و جمان و جووڵانی ڕووداوەکان و ڕوونکردنەوەی ئەو دەلالەتانەی جۆرە ئیحایەکی تایبەت بە خوێنەر دەبەخشن ، کە هەڵوێستەکان ڕەنگدانەوەی واقیعە بەرچاوەکان ، هەروەها چۆنیەتی دارشتنی دایەلوگ و مەنەلۆژی ناوەوەش لە ئەنجامی گۆڕانی هەڵوێست و ڕووداوەکانەوە سازدەبن و کارێکی دەستکرد نین . لە کۆتایی‌دا تێبینی‌یەکم هەیە وەك لایەنێکی هونەری : دەبوایە پاڵەوانی چیرۆکەکە لە ڕێگەی ئامۆژگاری ئاوەڵەکەی‌و مەنەلۆژەوە ڕێگەی خۆش بکردباو بارێکی وای بۆ ئامادە کردبا کە بیبێتە پردێك بەرەو ( دیدەنی ) یەکە ، نەك واقیعەکەی خۆی بەرێك کەوتێکەوە ببەستێتەوە کە وەستانی کچ و کوڕێك لەژێر چەترەکەوە جارێکی‌تر بە ئاگای بێنێتەوەو قسەی برادەرەکەی بیر بکەوێتەوە کە چەند ، مانگێکە سەری کردوتە سەری . ئەم ڕێك کەوتە لە بەرژەوەندی چنینی چیرۆکەکەدانیە ، دەبوایە چیرۆکنووس خۆی لێوە بەدوور بگرێ . . . لێرەدا دەوەستم و حەز ناکەم لە نووسینەکەی غفور صالح بکۆڵمەوە کە لە پاشکۆی عیراقی ژمارە ( ٧٤ ) دا بەراوردێکی لەنێوان چیرۆکەکەی عبدالخالق الرکابي ( مع الاعتذار لمارکیز ) کردووە کە لە گۆڤاری الاسفار ژمارە (٩)ی ئایاری ١٩٨٨دا بڵاوکراوەتەوە ، کە گوایە مستەفا چیرۆکەکەی خۆی واتە ( دیدەنی ) لەو دزیوە . . لە دەرفەتێکی‌تردا دەگەڕێمەوە سەر هەر دوو چیرۆك و ڕای تایبەتی خۆم بەرامبەر هەردووکیان دەردەبڕم و ڕاستی‌یەکە ڕوون دەکەمەوە ، کە خوێنەری ئازیز نەکەوێتە ژێر کاریگەری هەر نووسینێك کە بڵاو دەبێتەوە .

## پێشبینی :

چیرۆکێکی نورالدین صالح « بێخەم » . . . پاڵەوانی چیرۆکەکە مرۆڤێکی واق وڕماوو سەراسیمەیە . بەدوای ڕاستی‌یەك دەگەڕێ بیدۆزێتەوە . . . کەوتۆتە ناو گێژەنەی بیرکردنەوەو دڵەڕاوکێ ڕەشبینی . . حەپەساوە لە ئاستی ژیان و لەغزی مرۆڤ دا . . کۆمەڵێ پرسیار لە مێشك و دڵ و دەروونیا پەنگیان خواردۆتەوەو وەڵامیان گەرەکە . تەنانەت پەنا بردنە بەر جگەرەکێشان و خەیاڵ کردن ، جۆرە ڕاکردنێکە لە واقیعی ژیان و نیشانەی بێ دەسەڵاتی‌یە . . . زیندە خەو و خەیاڵەکەش ڕەنگدانەوەی تێڕوانینی پاڵەوانەکەیە بەرامبەر واقیع کە مرۆڤ و گیانلەبەر و سروشت شێوێنراون و مەسخ کراون . . . پاڵەوانەکەی چیرۆکەکە ( هێرش ) لە ئەنجامی لەخەو ڕاپەڕین و دەمەقاڵێ لەگەڵ ( هیوا ) دا تێڕوانین و ئاسۆی بیرکردنەوەی دەگۆڕێن و دەبێتە مرۆڤێکی دی . شەخسیەتی هێرش ، شەخسیەتێکی تەنکاو ساویلکە نیە ، بەڵکو شەخسیەتێکی ئاوێنەی دەلالی‌یە ، کە لە ئەنجامی بیرکردنەوەو خەو و لێکۆڵینەوەو گفت وگۆو ، بارو زرووف نەش ونما دەکات و بەرە بەرە ڕەنگو ڕوخساری ڕوون دەبێتەوەو شەخسیەتەکەی ساغ دەبێتەوەو دەقی خۆی وەردەگرێ . پەنا بردنی هێرش بەر خەیاڵ وخەو هەرچەندە ڕاکردنە لە ژیان و بەگژداچوونی واقیع ، بەڵام لە هەمان کاتدا پەردە داماڵینە لە ڕووی ئەو واقیعەی شێوێنراوەو سەرەولێژ کراوەو جەوهەری ڕەسەنی تیا نەماوە . بەڵام گەیشتن بە تێگەیشتن لە واقیع و شی‌کردنەوەی ، کە لە گەڵ چەشتنی لەزەتی ژیاندا دەبێ تاڵی‌و سوێری‌یەکەی و ئازارەکەی بچێژێ ، ئەم ئەنجامەو زاڵ بوونی باری سایکۆلۆژی « برسیەتی بیر و مێشك ، بەسەر حاڵەتی بایەلۆژی « برسێتی‌سك ، چیرۆکەکە بەرەو کۆتایی‌یەکەی سەرکەوتوو دەبات ، هەرچەندە کە برسێتی بیر و مێشکیش-لە ئەنجامی برسێتی سکەوە هاتووە .

چیرۆکنووس کە وێنەی ( هێرش ) مان بۆ دەکێشێ ، ڕەنگو ڕوخساری ناوەوەو حاڵەتی نەفسی و کۆمەڵایەتیمان بۆ شی‌دەکاتەوە ، وەك شەخسیەتێکی حەپەساو و شپرزەو واق وڕماو نیشانمان دەدا . هەرچەندە کە لە ژیان و واقیع گەیشتن مەسەلەیەکی فەلسەفی و قووڵە و دیوی دەرەوەی بە شێوەیەکی ڕووکەش دێتە بەرچاو ، کە کردەوە ناشیرینەکانی مرۆڤ و ڕەشتەکانی ئەزەلیە و پیشەی مرۆڤن و خەو و خەیاڵ ئاپکەن بەو مرۆڤەی لەژیان بگات ، تا ئەو کاتەی مەسەلەکەی بۆ ساغ دەکرێتەوەو لەغزەکەی بۆ شی‌دەکرێتەوە . . . چیرۆکنووس ئاستی بیرکردنەوەو هۆش و هەست ونەستی هەردوو کەسانی چیرۆکەکەی خستۆتە بەرچاو و بە پێی مەنتیق و بۆچوون و تێگەیشتنی ئەوان دواوە . . خۆ ئەگەر ( هێرش ) هەر لە ڕێگەی واقیعی ژیانەوە بگەیشتبا ئەو ئەنجامەی کە دوای هۆشیاربوونەوەو دوای دوانی لەگەڵ ( هیوا ) دا گەیشتێ ، ئەوە هێزو پێزی چیرۆکەکە پتەوتر دەبوو ، بەڕێگەی کۆمەڵێك ئەزموون و تاقیکردنەوەدا .

دەبێ ئەوەش بڵێم کە مۆرکی چیرۆکەکە هەرچەندە لە سەرەتادا ( هێرش ) رەشبینە ، بەڵام لە ئەنجامدا دەگۆڕێ و دەبێتە کەسێکی گەشبین .

لەرووی چنینی ( حبکە ) وە ، سەرەتاو ناوەراست و کۆتاییەوە هەست بە یەکێتی هونە کاری دەکەین ، چیرۆکنووس لەسەرەتادا لە رێگەی وەسف و

ئەوزمی هۆشەوە شەخسیەتی ( هێرش ) دەردەبڕێ و باری دەروونی و خولیاو بیر و ئەندێشەی شی دەکاتەوەو پەنا دەباتە بەر مەنەلۆژێنا وەوە لەوێوە بۆ دایەلۆگ ، کە لەم دوو رێگەیەوە وەسفی ناوەوە دەرەوەی دەکات ، بارە دەروونییەکەو

شە دیارەکان بەیەك دەبەستێتەوە و یەکێتی هونەری رووداوەکان دەپارێزێ و بەڵگەیان پێ دەبەخشێ و لەوێنەی واقیعی ژیانی و فەنتازی و خەیاڵیدا دایان دەرێژێ و بەرەو وێنەی زمانکاری خاوەن دەلالەتی نەفسیان دەبات . بەم شێوەیە

جیهانی دەرەوەو ناوەوەی ( هێرش ) دەردەخات و رواڵەتە رووکەشەکانی واقیعمان پێ نیشان دەدات ، لە ئەنجامدا راستییەك ساغ دەبێتەوە کە رەوشت و کارەبەدەکانی مرۆڤ واقیع و ژیانی مادی سەرچاوەی ئەو جۆرە کارانەن ، بەڵام

خەو و خەیاڵ و بیرکردنەوەی هەر تەنیا رووی دەرەوەیە نەك ناوەوە ، لە کاتێکا دیوی دەرەوەی واقیع لەدیوە نهێنییەکانەوە هەڵدەقوڵێ ، ئەگەرچی « هیوا » ترووسکە رووناکییەك دەخاتە سەر دیوە شاردراوەکە بنچینەی ناکۆکییەکانی ژیانە .

## کورسی :

چیرۆکێکی مکرم رشیدە ، مکرم وەك شاعیرێك ناسراوە ، پتر لەوەی کە چیرۆکنووس بێ . ئەم چیرۆکەی بریتییە لە پەردە داماڵین لە رووی دیاردەیەکی ناڵەبار کە لەناو رۆشنبیرانی کورددا بەدی دەکرێ ، کە سەرمەستی پاداشتی بڵاوکردنەوەن و ماستاو بۆ کاربەدەستانی گۆڤارو رۆژنامەکان دەکەن .

هەرچەندە ئەم دیاردەیە کارێکی ناڵەبارو نابەجێیەو رەوشتێکی خراپە ، بەڵام رووناکی خستنەسەر ئەوانەو نارەزایی دەربڕین بەرامبەریان بەو شێوەی چیرۆکنووس بۆی چووە پێ‌لێ‌هەڵبڕینی تیایە .

لەرووی پاڵەوانی چیرۆکەکەوە ، چیرۆکنووس لایەنێکی زۆری لە

شەخسیەتی خۆی دەردەخات ، ئەگەر هەر خۆی نەبێ ، کەواتە شەخسیەتێکی واقیعییە ، زیاتر لەوەی شەخسیەتێکی هونەری بێ . . . خوێنەر راستەوخۆ دەچێتە ناو چیرۆکەکەوە ، کە شێوازێکی راپۆرتی بەخۆوە دەگرێ ، زیاتر پەنا بردنە بەر گێڕانەوەو وەسف و دایەلۆگی تێدا رەچاو کردووە . لە چیرۆکەکانی

پەنجاکان دەکات کە ئەوحەلە شێوازی ئاوا باو بوو ، کە هەندێ چیرۆکنووس شێوازی راستەوخۆو مۆرکی حیکایەت ئامێزی و راپۆرتی و گێڕانەوەیان پەیڕەو دەکرد .

بنیاتنانی چیرۆکەکە دوورە لە بەکارهێنانی تەکنیکی نوێ کە نۆرم و ناوەرۆك وەك هەردوو تای تەرازوو لەنگەریان رانەگیراوەو لە قاڵبێکی هونەرکاری بیرەکەی دانەنراوە .

هەرچەندە وەك ناوەرۆك ، چیرۆکنووس رووناکی خستۆتە سەر لایەنێك لە واقیعی رۆشنبیران و نووسەرانی کورد ، بەڵام ئاتوێوی چنینەکە ، بەشێوەیەکی هونەری نەچنراوە کە لە ئاستی ناوەرۆکەکەدابێ ، وەك هەست دەکەین رووداوو

هەڵوێستەکان بە شێوەیەکی هونەری ئایانگێڕنەوەو وێنەیان ناکێشێ ، کە رووداوەکە لە شێوەی واقیعە رووتەکەیدا بترازێنێ و لە رێگەی زمانێکی پڕ وێنەی هونەرییەوە بەڵگەو هێمای سایکۆلۆژییان بخاتە پاڵ و کەزیندوویی و دینامیکییەت بە هەڵس و کەوت و رەفتارەکان و هەڵوێستەکان ببەخشن ، کەواتە رەوتی چیرۆکەکە بە شێوەیەکی میکانیکی دەچێتە سەر تا دەگاتە کۆتاییەکە .

مکرم وەك لە شیعرەکانیدا جۆرە شێوازێکی تایبەت بەکاردێنێ کە زیاتر لە مۆرکی خنیایی و راستەوخۆییەوە نزیکە ، چیرۆکەکەشی هەر ئاوایە ؛ چیرۆکێکی واقیعی رەخنەگەرییە ، وەك لە ناوەرۆك تا رادەیێ سەرکەوتووە لە رووی بنیاتنانی داڕشتنی هونەرییەوە نەیتوانیوە ، هەمان هەنگاو هەڵێنێ و پەی بە لایەنە هونەرییەکان بیات .

## ئەنجام

گشت چیرۆکەکان ، بەپێی جیاوازی ئاستی هونەرییان ، شێوازی واقیعیان گرتۆتە بەر و ، کەسانی چیرۆکەکان مرۆڤی واقیعین و گوزارشت لە واقیعی ژیان و دەوروبەری خۆیان دەکەن و رەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵگای کوردەوارین .

رەسەنایەتی و راستگۆیی هەموو بیرو خولیاو بۆچوونێك دەبێ لە واقیعەوە هەڵقوڵێن ، نەك بە شێوە رووکەش و دیارەکەی ، بەڵکو بە شێوە هونەرکاییەکەی کە لەم نووسینەیدا ئاماژەم بۆ کردو ، بە پێی بۆچوون و ئاستی تێگەیشتنی خۆم رووناکیم خستۆتە سەر لایەنەکانی ، هیچ مەرجیش نیە لەو شیکردنەوەو رەخنەیەدا سەرکەوتووبم ، خۆ ئەگەر وەك بۆچوون و ئیجتهادێکی شەخسی نیشانەم پێکابێ ، ئەوە مایەی دڵخۆشی خۆم و رەزامەندیی چیرۆکنووسەکان و خوێنەرانە ، ئەگەر واش نەبێ هەر پێ‌خۆشحاڵم کە ئەو ئەرکەی پێم سپێردرا بەپێی

توانـاو باری سرنجی تایبەتیم جێبەجێم کرد ، هەرنەبێ لەم ڕێچکەوە توانیومە چەند تێبینییەك لەمەڕ ئەوشەش چیرۆکە دەبیرم کەم یا زۆر خاسیەتەکانی رەخنەی ئەدەبی بەخۆوە دەگرن .